# شەونم

هۆنراوەی (58)

نصیحتی کنمت بشنو و بهانه مگیر

نەسیحەتێکت ئەکەم بی بیە و نەکەی بۆڵە
لە گوێ گرە ، لە نەسیحەت گەرت قسان رۆڵە
بچێژە تامی جوانی لە داخی عالەمی پیر
کە دایمە لێت لە کەمین دایە مەکری ئەو زۆڵە
بەدەنکە جۆیەکە لای عاشقان مەتاعی جیهان
چ بێ بەها وکەمە ئەم قەدری ئەو چەنێ بۆڵە
بە دەنگی ساز و نەی و هاودەمێکی پێویستم
کەدەربڕم خەمی دڵ لەو چیا و خڕ و دۆڵە
تەمامە چیدی گوناهێ نەکەم نەخۆمەوە مەی
بەڵام لە حاندی قەزا نووکی مەشوەرەت کۆڵە
لە مەی خواردنەوە سەد چەل کوتم دەکەم تۆبە
بەڵام بە عیشوەیە مەیگێری شۆخ و شەنگۆڵە
شەرابی کۆنی دووساڵە و کچی دووحەوساڵە
کە هەسمە بەسمە سەغیر و کەبیری دووقۆڵە
لە بەشبەشی ئەزەلی دا لەوێ نەبووی کە کرا
ئەگەر بڕێکی بە مەیلت نەبوو نەکەی بۆڵە
دەفر لە میشک و لەمەی پڕکە ساقی وەک لالە
بڕێژە چەشنی گوڵم خاڵی سینگ و مەمکۆڵە
لە پێش دڵی رەوەکی ئێمە کێیە رێ دەگرێ
بڕۆ بپرسە لە مەجنوونی وێڵی ئەو چۆڵە
قسان لە تۆبە لەوێ بەزمەدا نەکەی حافز
بڕۆکەوان بە مژۆڵان دەسێننەوە تۆڵە

حافزی حەقیقی